# دەزگای برۆکینگز وهەڵسەنگاندنی دوارۆژی عێراق !

**(بەشی دووەم) و کۆتایی**



خالید هەرکی .... هۆڵەندا
www.serben.com



هەروەها (پیتەر رۆدمان) (4) یاریدەدەری پێشوی وەزیری بەرگریی ئەمریکا ، لە هەمان دامەزراو(برۆکنگز ئەنستیتیۆشن) دەلێ:

دەمەوێ جەخت بکەمە سەر رەنگدانەوەی دۆخی عێراق لەسەر ناوخۆی ئەمریکا، مەترسیی عێراقیەکان لە سەر کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا ناشاردرێتەوە  ئەگەر سەرۆک بۆش شەش مانگێکی تری بەدەستەوەبێت دەبێتە فاکتەری ئاشتی وسەرکەوتنی ستراتیجیەتە کەی  هەربۆیە زیادکردنی هێزەکان هاندەرو پشتگیرە بۆ هاتنەکای ئەم دۆخە لە ئاکام خەلکی لە داهاتوی دۆخەکە دلنیادەبن وسەقامگیریەک دێتە کا ، بەلێ رۆژیک لەرۆژان هەر دەبێ بکشێینەوە بەلام بەمەرجەکانی خۆمان و دوای سەرکەوتنمان، ئەوە لەبیر ناکەم کە جەنەرال ریک لیتش دەلێ :هەردەم لێمان دەپرسن دەلێن ئایا جێمان ناهێلن؟ کاتێک وەلامیان دەدەینەوە دەلێن نەخێر جێتان ناهێلین!. ئەوسا دەپرسن دەلێن :چی دەتوانین هاوکاریتان بکەین؟

رۆدمان درێژەی بەقسەکانی دا : دەمەوێ وەلامی گۆردون بدەمەوە دەربارەی،  پەیوەندیی ئەوەی لە رومادی رویدا لەگەل زیادکردنی هێزەکانمان . دان بەوە دەنێم کە پەیوەندیی بە هێز زیادبونەوە نەبو بەلام یەکێک لە هۆکارەکان هێزبو ، دیسان لەگەل ئەوەدام کە یەک لاکردنەوەی سیاسی لەم ولاتە نیە .

گەلێ جار سەرۆک بۆش دوپاتی کردۆتەوە کە هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بۆ سەرۆکی داهاتوی ئەمریکا جێ دەهێلێ ، بەلای من ئەمە کارێکی خەراپە ، باشتر وایە کە سەرۆک بۆش عێراقێکی ئارام وسەقامگیر بۆ سەرۆکی داهاتو جێ بهێلێ یا هەرنا مەسەلەکان یەکلا بکاتەوە هەروەکو ئەوەی لە 1969 سەرۆک نیکسۆن کردی لانی کەم کارەکان لەیەک بئاوێرێتەوە، لەتەک پاراستنی بەرژەوەندیە زیندوەکانی ئەمریکا.

بەلام ئەگەر سەرۆک بۆش لە عێراق کشایەوە بە بێ خواستی خۆی ودەستەکانی بە رامبەر بە بریارەکانی ئاوەلانەکران و هەنگاوەکانی سنوردارکران،ئەوا دۆخەکە لە عێراق ئالۆزتر دەبێ ئەوەی بۆ سەرۆکی داهاتو دەمێنێتەوە چەند رێگەیەکی سەخت دەبن. هەر لەبەر ئەم ئەگەرانە من داوا لە پالێوراوانی سەرۆکایەتیی هەردو حزب دەکەم کە پشتگیریەکی تەواوی سەرۆک بۆش بکەن بۆ هەنگاوەکانی بەتایبەتی بۆ زیادکردنی هێزەکان.

کاتێک لە پنتاگۆن بوم سەربازیەکان داوایان دەکرد کە دوو ستراتیجیەتمان هەبێ یەکیان سەربازی ئەوی تریان سیاسی ، ئەگەر سیاسیەکە سەرکەوتونەبو ئەوا دەبێ لایەنی سیاسی بەردەوام نەبێ.

دواتر (سۆزان رایس) (5) لە بەرنامەی ئابوریی دونیا لە هەمان دەزگا(برۆکینگز) لە وتەکەیدا هات: عێراق وای لێ هات و هەرواش دەمێنێتەوە بۆ چەندین سالی داهاتو کە بە لاوازترین ولاتی دونیا بژمێردرێت ،ئەم دیالۆگەش لە واشنتۆن بەگشتی کەس باسی لێوە ناکات .

هێزەکانی ئەمریکا مۆلەتی ئەوەیان بە هێزە سیاسیەکانی عێراق نەدا کە کێشەکانی نێوان خۆیان بە دیالۆگ چارەبکەن . وای لێ هاتوە کە ئێستا زیاتر لە شەرێک لەو ناوچەیە بەرپابوە ،شەری قاعیدە، شەری یاخیبوان ،شەری تایەفی ، ئەو ستراتیجیەتەی ئێمە پیادەی دەکەین ستراتیجیەتی دژ بە شەری یاخی بوانە ، کەس باس لە شەری ناوەخۆ وتایەفی ناکات ، زیادکردنی هێزەکانی ئەمریکا ش تاکتیکە نەک ستراتیجیەت دژ بە یاخیبوانی سڤیلی .ئامانجی ئێمەش پشتگیری کردنی دەسەلاتی شەرعیە دژ بە یاخیبوانی نا شەرعی ، لە چوار چیوەی شەری ناوەخۆش تائێستا ئێمە نازانین زۆردار کێن و زۆرلێکراوکێن ، بە پشت بەستن بەو ئەزمۆنەی کە لە کۆنگۆ وسۆمال وبۆسنە هەمانە لەسەر شەری ناوەخۆ دەبێ لایەنێک بەسەرلایەنێکدا زالبێ یا رێککەوتنی سیاسیانە هەبێ لەنێوانیاندا دەنا دۆخەکان ئارام نابن، بەلام یەک لەم دوو ئەنجامانە نەهاتونەتەدی. هەموشمان دەزانین رۆلی سوپای بێگانە لە شەرە ناوەخۆکاندا تەنها لەیەک جیاکردنەوەو هەندێ جاریش ناوبژیوانییە زیاتر ناتوانێ ، ئەمەش لە عێراق نەتوانراوە بکرێت.

ئەوەی لە ئەنباریش رویدا ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە ئێمە هیچ دەورێکان لەو ئاشتەواییە سیاسیانە ی کە کران نەبوە چونکە ئەوان خۆیان توانیان ئەو دۆخە لە ئەنبار بخولقێنن. لەروی داهاتی کەسێتیی دانیشتوانان نەمان توانیوە گۆرانێکی ئەوتۆ بکەین یا هەرنەبێ دەرفەتی کار بۆ بێ کاران پەیدا بکەین.

دواتر (مایکل ئۆهانلۆن) (6)لە دەزگای برۆکینگز ووتی:

کەس ناتوانێ 16 کاتژمێر سەیری راپۆرتەکەی پاتریۆس و کرۆکەر بکات بەلام دەمەوێ جەخت لەسەر چەند خالێکی سەرەکی بکەم،ئەویش کەم بونەوەی توندو تیژیە لە عێراق کە راپۆرتەکان وا دەگەیەنن ، بەمەش راپۆرتەکەی ژمێریاری گشتی هەلەی کرد کەدەلێ توند وتیژی کەم نەبۆتەوە ، لەهەمان کاتدا دەبێ ئەوە بلێین کە هێشتا رێژەی کوشتن وتوندو تیژی لە ئاستێکی بەرزدایە وەکو سالی 2006 بەلام ئەوەی کە ئێستا لە عێراق دەیکەین بۆ رێگەگرتن لە شەری ناوەخۆ وەکو برین تیمارکردنێکە نەک چارەسەریی هەتاهەتایی واتە دروستکردنی دیواری کۆنکرێتی وبەربەست گرتن بەم شێوەیە کە شیعە لە سونە جیابکاتەوە کارێکی ئەوتۆ نیە، بەلام من وای دە بینم کە ولاتە یەکگرتوەکان لە پاککردنەوەی سوپا لە و خراپکارانەی کە خزابونەناویان سەرکەوتوبوە، بەلام وادیارە بۆ پاکتاو کردنی ریزی پۆلیسەکان ئەوە نەکراوە.

لە کۆتایی ( بروس رایدل ) (7) لە دەزگای(برۆکینگز) دوا و وتی:

دبلۆماتێکی عەرەبی بەمنی وت ، ووتی ئەوەی لە راپۆرتەکەی پاتریۆس لە 10 ی سێپتێمبەر داهاتوە گرنگترینیان ئەوەیە. (یەک - کە ئەمریکا دەکشێتەوە. دوو - لوتکەی ئەمریکا روەو نەمان دەچێ). وە ناشزانین ئاخۆ زیادکردنی هێزەکان ئامانجەکانیان پێکاوە یان نا ؟ ، تا کەم نەکرێنەوە .

برۆس رایدل  لەسەر بەرژەوەندیەکانی سیاسی کرۆکەر دانی بەوە نا کە تا ئێستا لە قۆناغی دروستبون دایە ، سەبارەت بە هەلبژاردنەکانیش سەرەرای ئەو هەمو کوشتارە هێشتا لە ئاستێکی تەسکی تایەفە گەری دایە .
بە وەلامەکەی باتریۆس کۆتایی بە قسەکانم دەهێنم کاتێک لێیان پرسی ،( ئایا ئێستا لە دوای 6 سال لە 11 سێپتێمبەرەوەو   دوای روداوەکانی عێراق ،ئاسایشمان پارێزراوترە ؟ وەلامی دایەوە وتی: نازانم !! )بەلام ئەگەر هۆکارەکە عێراقە دەبێ ئەمریکیەکان بە جدیتر بیر بکەنەوە.
دواییینیان  سەبارەت بە ئێران لە یادمە کاتێک لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی بوم بەرپرسێکی فەرەنسی  لە واشنتۆن سەردانی کردم  ، بەر لە هێرشەکانی بۆسەر عێراق پێی ووتم : (ئایا ئێوە دەتانەوێ عێراق رادەستی ئێرانیەکان بکەن؟ کاتێک ئێوە سەدام  سەرنگون دەکەن عێراق دەدەنە ئێران ! !) پێم وایە ئەمەمان زۆر بەچاکی گەیاندە جێ.

(1)- کارلۆس باسکوال
(2) - کینیت بۆلاک
(3)- فیل گۆردۆن
(4) -  پیتر رۆدمان
(5) سۆزان رایس
(6) – مایکل ئۆهاینلۆ
(7) – برۆس رایدل

------------------------------------------------------------------

سود لە گۆڤاری الوطن العربیی رۆژی 26-09-2007 وەرگیراوە
khalidherki@chello.nl